
د. حەمید عەزیز

بنەڕەتەکانی فەلسەفە



41542

Preview sample - page 1 of 5 - Soran University Academic Digital Library

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم
کتێبی سەردەم ژمارە (٢٨٧)

سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە

ئازاد بەرزنجی

بنەپەتەکانی فەلسەفە

بابەت: فەلسەفی

نووسینی: د.حەمید عەزیز

بەرێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان

هەڵەچنی: سازان قادر

تیراژ: ١٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: ٢٢٢ ی ٢٠٠٤

مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە

www.sardam.info

Preview sample - page 2 of 5 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

راستە ناوەڕۆکی نەم کتێبە لەچەند باسێکی ڕوخسار جیاواز پێک هاتووەو دووریش نییە نەو وێنە و بۆچوونە لەمێشک دا بوروژێنی کە لەبۆنە و کاتی جیاوازدا نووسرابن، بەڵام خوێندنەوەی وردو لەسەرخۆ ڕدوایی نەم بۆ چوونە لەدەست دەدات.

نەم باسە بە ڕوخسار جیاوازانە، لەچەند ڕوانگەو باری سەرنجێکەوە بۆچوونێکی نووسەرەکەی بەگشتی پشت ڕاستەکەنەوە کەنەگەر بگونجێ، پشتی بەچەند بابەتێک بەستووەو هێناونیەتە سەر خوانی باسکردنی بۆنەوەی ڕدوایی و دروستی نەم بۆچوونانەی ساخ بکاتەوە:

١-فەلسەفە، بەکوڵک و پێستەوە، داهێنانێکی ساخو ڕدوای گەلی نەوسای یۆنانە. نەم بۆچوونە لەوە کەم ناکاتەوە کە گەلی نەوسای یۆنان سودی لە کەلتوری میللەتانیتر وەرگرتبێو بەبلیمەتی خۆی بەجۆرێک دایڕشبێتەوە پڕ بەپێستی خۆی بێ.

٢-فەلسەفە وەک نەمامێک لە کەشو هەوایەکدا شین دەبێو دێتە بەر کە پێی دەوترێ نازادیی. نازادی نەو زەمینەو ناوهەوایەیە فەلسەفە پێ دەژیاو خەتو خاڵ دەدات.

٢-فەلسەفەو ناین دوو دیاردەی کۆمەڵایەتین بەناوەڕۆکو فۆرم بەڕێبازو میتۆدە لەیەکتری جیاوازن. جیاوازییەکەیان لەجیاوازی بابەتو ناوازی چالاکییەکەیان کەوتۆتەوە. ئەگەر بگونجێ قسەکەی نیبن ڕوشد دووبارە بکەینەوە کە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا وتویەتی: نەم دوو بابەتە سەر گەرمی دوو ڕاستین ڕاستی نەقڵو ڕاستی بڕوا (ئیمان). نەم دووانەش دانوویان بەیەکەوە ناکوێ، هیچ کاتێک دوو کوێخا لەگوندێکدا جێگایان بەناسوودەیی نەبۆتەوە.

Preview sample - page 3 of 5 - Soran University Academic Digital Library

٤-مرۆڤ نەپارێزەرو دۆستی سەرو سروشتیو نەدوژمنی لەسروشت بەدەری هەیە.. ، مرۆڤ، ئەگەر بۆی بلوێو بتوانێ رێگای راستو نامرازیی دروستو دەرفەتی لەبار برەخسێنی دەتوانێ هەلومەرجەکانی ژیانی بگۆڕێو تاریکی . چارەنووس برەوێنێتەوە.

٥-نەو هەولانەی لەسەدەکانی ناوەڕاست دا دراوە، هەر لەبەلگەی ئۆنتۆلۆجییەوە یاوەکو سەلێنەری کۆسمۆلۆجیو هارمۆنیی هەتا هەتایی و هتد.. چەند هەولێکی دلێرو ژیرانە بوون دراون بەڵام هیچ لەکێشە سەردکییە ناگۆڕن چونکە کانت و تەنی بوون (وجود) سیفەتێك نییە بدرێت بەشتێكو پێی ببێ بەبوونەوەرو یاخود کە لێی زەوت کرا لەبوونەوەری بکەوێ. پەیدابوونو لەناوچوون بناخەیەکی راستەقینەی نییە شت لەناو ناچێو لەنابوونەوە پەیدا نابێت. کێشەکە پەردسەندنو گۆڕانە. زانست نەك بڕوا، نامرازی راستەقینەی کردنەوەی گرێ کوێرەکانی ژیانە.

٦-لەڕەوڕەوەی بەردوبێش چوونی مێژوو شارستانیەتو کۆمەڵدا زۆرانبازیی دەستەویەخەی نێوان هەردوو پرۆسەی یەك ردنگیی و هەمەردنگیی ودك دوو بزووتنەوەی چارەنووسو ردنگ رێژی پاشەڕۆژی کۆمەڵە لەسیاسەتدا دوو ناویان لێنراوە، دیکتاتۆریو دیموکراتی.

ئاینی مەسیحی لەسەدەکانی ناوەڕاست دا کاتێك توانی دەسەڵاتی بەسەر سەرانسەری وڵاتانی ئەوروپادا بشکێ کە هەموو جۆرە تایبەتیەتێکی کلتوریو زمانو نەتەوەییو هتد.. لەبۆتقەی یەك ردنگیی خۆیدا تواندەوە. زمانی لاتینی ودك عەرەبی لەرۆژهەڵات بەسەر میللەتاندا سەپێنرا. شارستانیەتی پێشتر ودکو گومراو لەڕێ لادەر سەپێنرا. شارستانیەتی پێشتر ودکو گومراو لەڕێ لادەر (ڕاستو چەپی) بەسەر داهێنرا.

خۆری نازادیی کە لەکەل هاتەدەر دەوڵەتی نەتەوەیی پەیدا بووەو زمانو کلتوری نەتەوەیی جارێکیتر بایەخیان پێ درایەوەو بەکورتی هەمەڕەنگییەکە سەرپشکی نازادییە لەدایك بووەکە بوو.

Preview sample - page 4 of 5 - Soran University Academic Digital Library

٧-راستە ئاینی مەسیحی ودك هەنگاوێکی بەرچاو لەسەدەی دوانزەدو سیانزە بەولاوە دەستی کرد بەکردنەوەی مەڵبەندی زانستو زانکۆ ودك زانکۆی پاریس‌و ئۆکسفۆردو کۆلۆنیای نەڵمانیا، بەڵام ودك لەدواییدا دەرکەوت نامانجی کردنەودی نەم زانکۆیانە ساخ بوونەوە زۆر نەنجامانە جیابوون کە لێیانەوە کەوتنەوە. لەسەرەتادا کڵێسا ودك نۆرگان‌و دام‌و دەزگایەکی سەرتاپاگیر بیری لەوە دەکردەوە کەسانێك پێبگەینێ لەپاشەرۆژدا بەرێوەی بەرن‌و درێژە بەبوون‌و دەسەڵاتەکەی بدەین، کەچی کەسانێك کە لەو زانکۆیانەدا پەروەردە دەکرا لەو پێگەیشتن کڵێسایانە بەو مەردیە برد کە خۆی لێی دەترساو وردە وردە لەدەوڵەت‌و سیاسەت دوورخرایەودو بوو بەشتێکی‌تر.

٨-فەلسەفە و فەیلەسوف جیهان بگۆڕن یاخود لێکی بدەنەود! ئایا گۆڕان بەبێ لێکدانەوە دەکرێ. نەوی داوای گۆڕانی جیهان نەکات شتێك داوا دەکات لەتوانادا نییەو بەپێچەوانەی سروشتی مرۆڤ‌و کۆمەڵودیە، نەنجامەکەشی رژێمی تۆتالیتاریی سەرتاپاگیری فرکەر. پەردسەندنی هەنگاو بەهەنگاو کە پشت بەلێکدانەودی رێکوپێك دەبەستێ کۆمەڵ بەردو نەو ئامانجە دەبات کە مرۆڤ سەرگەرمییەتی..

هیوا دارم توانیبێتم کە لەبەرێکم لەکتێبخانەی کوردی پڕ کردبێتەوە.

فەلادزێ

کوردستانی باشوور

Preview sample - page 5 of 5 - Soran University Academic Digital Library